کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

www.kurdistannet.org

29-9-2007 15:50بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## چایەکی تری چایخانەی - شەعب -.... نەوزاد شێردڵ

ساڵ ناوەڕاستی حەفتاکان بوو، بە شێتێکی قۆشمەچی ناو گووندێکیان ووت:- ئەڵێن میریی وا بە نیازە



کارەبا بۆ گووندەکەمان دابیین بکا تۆ ئەڵێی چی؟! کابرای شێتە دێتە پێشێ و دەست بۆ دەعباکەی خۆی ئەبا.. ئەڵێ خەڵکە دڵنیا بن، کارەبا ئەگاتە ئا ئێرە!، بەس مەحاڵە و ئەبەد میریی بۆ ئەم گووندەی ڕاناکێشێ. / ساڵ ناوەڕاستی هەشتاکان بوو، کابرای شێتە بە تاوانی نەبوونی تەسکەرەو ئەدرێس لە زیندانێکی ڕەشا بوو، هەموو شەوێ مفەوەز شەماڵ و مفەوەز عەلا ئەهاتنە گیانی، شەماڵ فەللاقەی ئەکرد و، عەلاش دوو ئەڵقەی کارەبای پێبوو، ئەڵقەی گەرمی یەکێکیانی بۆ دەعبای شێتە ڕاکێشابوو!! ساڵ ناوە ڕاستی نەوەدەکان بوو، نیوە شەوێکی ئەنگووستە چاو، لە گۆشەی مزگەوتێکی هێشتا نیمچە داتەپیووی کوێرە گووندێکدا مۆمێکی ئەژنۆ تلیساوە جار جار ڕدێنی چەرمووی خوێناوی ڕووخسار نوورانییەکی لە شرە بەتانیی ئاڵاوی دابووە بەر چەپکێ پلووسکە تیشکی مەتەڵ ئاسا، لە سێ پرسە گێڕەکان مەلاکەیان ئەیگووت ئەمە نیگا بارانی فریشتەی ڕووناکی یە پەڵەی بە سەر ڕۆحیدا داوە، گۆڕ هەڵکەنەکە ئەیگووت ئەمە یەکەم جارە لە ژیانی ئەم سنعەتەمدا پەلکە زێڕیینە لە شەودا بە دی بکەم، جاحێلە کڵاو بە نووشتەکەش ئەیگووت هەر لە نزییك کوونە ئە شکە وتەکە مانەوە تا گەیاندمانەوە بەردەم حەکییمی ئاواییش، باوکم بەر لەوەی بۆ یەکجاریی چاو لێك بنێ لەبەر خۆیەوە ئەیگووت:- سەد شکوور خودایە کە بە ر لە مردن چرای چاوە گەشەکانی حەزرەتی میکائییلت نیشان دام!! لە گۆشەی هونەریی ڕۆژنامەیەکی شاردا و لە ژێر وێنە و مانشێتێکی زۆر گەورەی تژی تژی بە پڕۆژیکتۆری ڕەنگاو ڕەنگی چوار لای کازم ساهیردا زۆر بە گچکەیی نووسرابوو:- دوای ئەوەی نیوە شەوێکی هەفتەی پێشوو کوڕێکی بەدمەست خۆی و هاوڕێکانی هاوشان بە چەند کچە عارەبێکی سەماکەر، دەم بە گۆرانیی - یمە عیون حراگە - و بە لێخوڕینێکی شێتانەی ئۆتۆمۆبێلی جۆری لاند گرۆزی ڕەنگ و ژمارە (... )، فول لاییت، لە کاتی گەڕانەوە یدا لە سەیرانێکی بن چەند دەوەنێکی چەپەکی دوورە شار بە تووندی لە پیرە مێردێکی کەمێك هۆش ناساغی تا ئێستاش کوونە ئەشکەوت نشین ئەدات، لاشەکەی بە زیندوێتی لە نزییك شەقامە خۆڵەکە جێ ئەهێڵێت.. هتد، ڕۆژی دوواتر و هەر لە هەمان گۆشەی هونەرییدا - نەك لە گۆشەی هەواڵەکاندا - ڕۆژنامە نووسێکی لا چاو شین و مۆر هەڵگەڕاوی شڵەژاو و ڕەنگ هەڵبزرکا و نوسیبووی:- لەگەڵ داوای لێبووردن لە خوێنەری بەڕێز بەرامبەر ئەو هەموو هەڵەی چاپەی کە سەبارەت بە هەواڵی پیرەمێردێکی بە تایەفە شێت و تا خوا حەز کات تێرۆریستی دەست وەشێنی پێرێمان کە خوا ئاگادارە پەڕەکە بێ ئاگای خۆمان فجووقی کردبوو چوونکە هەر شەوی ڕابوردوو - بڕوا و نەیەتەوە! - لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنییماندا لەگەڵ تێکۆشەری زۆر بەڕێز باوکی ئەو گەنجە زۆر تێکۆشەر تر و بەڕێزەدا دوای سوپاسی گەرمی هەر لە سەر نووسەر تا چاپچی ڕۆژنامەکەمان و ڕیزێك دووکانی دراوسێشمان بۆ ئەو دایەلۆگە هاو چەرخانەیەی بەڕێزیان!!، هەواڵەکەی بەم شێوەیە بۆ پشت ڕاست کردینەوە:- دوای ئەوەی کاکە - میکائییل ی کوڕم کە ناسراوە بە - میکائییل دۆشکە - و لە یە ك کاتیشدا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

29-9-2007 15:50بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هەم مقاوولی ڕۆژ و هەم تەلەبەی ئێوارەی زانکۆ و هەم زابووتی شەوە، دوێنێ شەو لەگەڵ هەڤاڵەکانییدا و دوای نیشاتێکی سەربازیی و کوردانەی گورز وەشێن!! بە رەو بنکەکانیان لە شار ئەگەڕێنەوە، لە ناکاو پیرە تیرۆریستێك لە بۆسەی نێو کوونە ئەشکەوتێکەوە بۆیان دەر ئەپەڕێت و بە شاهێدی کوڕە تێرۆریستەکەی خۆی کە ئێستا ئەویشمان دەست گیر کردووە، هەردوو باڵی ڕوو بە ڕووی ئۆتۆمبێلی کوڕە نازدارەکەم ئەکاتەوەو هاوار ئەکا: - ئۆخەی نەمردم و میکائیلی عەلمانییم دەست کەوت، ئیتر کاکە میکائیلی زابووت و شارەزای ئەو جۆرە بۆسانە هەر لە دوورەوە ئەو شەمشەمە کوێرەیەی دژ بە حەزارەت و ئەمنی قەومیمان بەر شەوارەی فوول لاییتی لاندگرۆزەکەی ئەخا و بە چەمەرلغێك زرمەی لێ هەڵئەسێنێ، ... ئەمەو هەر لە خوار وێنەی ڕۆژنامە نووسە کەوە وێنەی جاحێلێکی بان ئەبرۆ بە چەند تەقەڵ دوراووەی کڵاو نووشتە پیا دووراوییش ئەبینرا و ئەگەرچی دان لە دەمییشییدا نەمابوو بە مانشێتیکی گەورە وتبووی:- دانی پیا ئەنێم کە ئەشهەدوو باوکم لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە عەلاقەی بە - بێن لاندۆنەوە - هەبوو، ، !! پێشمەرگە و نووسەرێکی دێرینی کەمئەندام کە لە چایخانەی - شەعب - ئەم هەواڵەی ئە خوێندەوە قاقا بەم زەمەنە ئاڵۆز و بە سەر یەکدا ترشاوەدا پێ ئەکەنی:- ئاخر خەڵکیینە من خۆم خەڵکی گووندی بێ کارەبای ناوبراووم و مام ساڵحی شێت و قسە خۆشی بێمزەڕەتییش زۆر چاك ئەناسم، ئەمانەش هەمووی لە لایەك و ئەو دەمەی کە گووندەکان ئەنفال کران ئیتر مام ساڵحی کوژراووی ناو ئەم بەتانییە شڕە ی ئێستا لەگەڵ کوڕە مەلۆتکەکەیدا بە جۆرێك خزانە ئەو کوونە ئەشکەوتەوە هەتا دوای ڕاپەڕینییش لە داخا نەگەڕایەوە گووندی کاوول بوو، هەرچی ئەم دەعبایەی کە ناوی میکایلییشە ئەو دەم وەك پانزە ساڵانێك و لەگەڵ باوکیا بەسەر دۆشکەی مودەڕەعەکانی بەعسەوە هەر جووڵەیەك بۆنی کوردی لێ بهاتایە بەو دۆشکەیە لە جووڵەیان ئەخست، .. تەنانەت خۆیشم ساڵەهای ساڵە بریندارو کەمئەندامی گووللە دۆشکەی دەستی ئەو ناموبارەکانەم، .. چایچییە دونیا دیدەکەی ناو جەرگەی - شەعب - هاواری لێ کرد:- مامۆستا سەری خۆت بە چییەوە ئەیەشێنییت ئەزیزم، بیلاهی گاندی و مارکس زیندوو بکەیتەوە دەرەقەتی ڕێك خستنەوەی ئەم وەزعە گەندەڵ و فاسییدە نایەن، چایەکی ترت بۆ بێنم؟ ئەم هەناسەیەکی قووڵی پڕ حەسرەتی هەڵکێشا:- نا بە قووربان چای تر ناخۆمەوە، بەس بەشی پاسەکەم لە گیرفاندا ماوە، ئەڕۆمەوە بۆ کوونە ئەشکەوتەکەی خوار گەڕەکی قالاوەم.

---

- ئەمریکای باکوور -

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.